## ڕاگەیندراوی یەکەی هەواڵنێری پەنابەرانی کوردی ئێرانی لە تورکیە- کەیسی ناسراو بە شمال عراق

1200 پەنابەری کوردی ئێرانی لە تورکیە کە لە ماوەی ساڵانی 2001 تا 2003 دا بە مەبەستی نیشتەجێ کران لە وڵاتی سێهەم لە کوردستانی عێراقەوە هاتنە تورکیە تا ئێستا لە لایەن کومیسارییای بەرزی پەنابەرانەوە هیچ هەنگاوێکی جیددییان بۆ هەڵنەگیراوە و سەرەڕای بە ئەنجام نەگەیاندنی کار و باری نیشتەجێ کران لە وڵاتی سێهەم، کەمترین پێویستییە ماددی و پزشکییەکانیان و هەزینەی ئێقامەتەکەیان کە کومیسارییای پەنابەران وە ئەستوی گرتوە بۆیان دابین نەکراوە و لە لایەکی دیکەشەوە دەوڵەتی تورکیە سەرەڕای ئیمزاکردنی ڕێکەتننامە نێو نەتەوەییەکانی پەیوەندیدار بە مافەکانی پەنابەرانەوە تا ئێستا ئەم گرووپە 1200 کەسییەی بە پەنابەر یا پەناخواز بە ڕەسمی نەناسیوە و تەنیا لە ژێر ناوی "یابانجی"خارجی دا ئیجازەی مانەوەی کاتی پێداون و تا هەر کات کە حکومەتەکەیان پێ خۆش بێ ئیجازەی مانەوەیان پێئەدەن. گرنگتر ئەوەیە کە ئەو حکومەتە بە ڕەسمی ڕایگەیاندوە کە بەم 1200 پەنابەرە ئیجازە نادا لە خاکی تورکیەوە بەرەو وڵاتی سێهەم بەڕێ بکرێن و بەم چەشنە ئەوە ماوەی زیاتر لە 5 ساڵە ئەو گرووپە کە لە ژن و منداڵ و پیاو پێك هاتوە و بە گشتی ئەندامی پێشووی ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانییەکان بوون لە بار و دۆخێکی نادیار دا و لە ژێر ئەستەم ترین مەرجەکانی ژیان دا چاوەڕوانی کرانەوەی دەرکەیەکن کە بە پشتگری هەمە لایەنە دەکرێتەوە و پێویستی بە هەنگاوی بە کردەوە و جیددی هەیە.

بۆ هەڵگرتنی یەکێك لەو هەنگاوە بە هێزانە کە بڕیارە لە لایەن ناوەندی چاك و بە بەشداری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە کوردستانی و ئێرانی یەکان بەڕێوە بچێ لە ماوەی 17تا 20ی مانگی داهاتوو دا (17-2006/03/20) خۆپیشاندانێك لە وڵاتی سوئیس لە بەر دەم بارەگای کومیسارییای بەرزی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ کار و باری پەنابەران ساز دەدرێ. داوا لە هەموو دوستان و دڵسوزانی ئەو پەنابەرانە دەکەین بە بەشداری خۆیان هەنگاوێك بۆ ڕزگاری 1200 پەنابەری کوردی ئێرانی لە تورکیە هەڵگرن.

بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لە بارەوە بەو ژمارە تێلێفونە پەیوەندی بکەن کاك عوسمان تازیك لە ناوەندی چاك:

0041765641929
chak_penaberan@yahoo. com
2006/02/26